بارزانی و عراقچی پەرەپێدانی هاوکاریی هاوبەش لە بوارە جیاجیاکان تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران جەختیان لەسەر خواستی دووڵایەنە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان کردەوە بە شێوەیەك خزمەت بە سەقامگیری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بکات.

یەکشەممە 18ـی ئایاری 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران کۆبوونەوە و پێوەندیی دووڵایەنە و چڕنیتیی پەرەپێدانی هاوکاریی هاوبەشیان لە بوارە جیاجیاکاندا، تاوتوێ کرد.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا ستایشی پێوەندییە دێرینەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانیان کرد و جەختیان لەسەر خواستی دووڵایەنە بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان کردەوە بە شێوەیەك خزمەت بە سەقامگیری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بکات.

هەروەها ئاماژەشی داوە، تاوتوێکردنی دەخی ناوچەکە بەگشتی تەوەرەکی دیکەی دیدارەکە بوو. تیایدا داکۆکییان لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بە دوورخستنەوەی ناوچەکە لە کێشە و ئاڵۆزی کردەوە.